# دۆزی بزوتنەوەی ئازادی بیرورا لە ئاستانەی گۆڕینی یاسادا

fediraq@welho.com / ريبوار عارف

لەم ڕۆژانەدا بەڕێز ئازا حسیب قەرەداغی بابەتێکی کورتی لە پەیوەند بە دۆزی دکتۆر کەمالەوە نووسی کە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەیەك هەیە . هەر وەك ووتمان ئەگەرچی ئەم ووتارە کورتە ، بەلام ناوەڕۆك و پەیامێکی گەورە بەدوای خۆیدا دەکێشیٚ کە دەکرێت کلاوڕۆژنەیەکی تربێت بۆ هەڵسەنگاندنی کێش و جێگەو ڕێگەی بزوتنەوەی ئازادی بیرورا دەربڕینی لە پشت پەردەی کێشەکەی دکتۆر کەمالەوە !

ئەوەی کە خالێکی جەوهەری و جێگەی تیاڕامانە لە نووسینەکەی بەڕێز ئازا حسیب قەرەداغی گیرانەوەی قسەو باسەکانی بەڕێز نیچیرڤان بەرزانی یە سەرۆکی حکومەتی هەریمە ، کە بەم شێوە دەست پیٚ دەکات : ( ... کاك نیچیرڤان لە دوای ئەو کۆبوونەوەیە هاتە لای ئێمە....مەسەلەی دیکەی وروژێنران وگفتوگۆیان لە بارەوە کرا، سەرلیستیان مەسەلەی ئازادی بیروراو تواناکانی ڕاگەیاندن و گوزارشتکردن بوو لە تیڕوانینە جیاجیاکان لەچوارچیوەی یاسای پێشکەتووخوازیان لە هەمبەر دانەنراوە کە بتوانریٚ بە توانای یاسا بەرەنگاریان بینەوە ، یاخۆ هێشتا بە یاسا بەسەر چووکانی بەعس مامەڵەیان لەگەڵدا دەکریٚ و لە جیاتی چارەسەر دەرەنجامەکانی چەند ئەوەندەی تر نەگەتیڤ دەردەچن. لەم ئاقارەدا بوو کە ئامادە بووان دوایان لەسەرۆکی حکومەت کرد دەستەلاتەکانی خۆی بەکار بهێنی لە پێناوی عەفووکردنی دکتۆر کەمالی سەید قادر کە دادگا بە 30 سال زیندانیکردن سزای دابوو . سەرۆکی حکومەت هەندیٚ ڕوونکردنەوەی لە بارەی پاشخانەکانی ئەم مەسەلەیە باس کردو ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو سزایە زۆر سەختەو لەگەل حالەتەکەدا زۆر نەگونجاوەو مایەی نیگەرانییە، دیوێکی دیکەی نیگەرانی یەکەش لەوەدایە هەروەکوو کاك نیچیرڤان گووتی هەموومان بە دادگاشەوە گیرۆدەی دەستی یاسا تەعەسوفیەکانی بەعسین کە تاکو ئێستە کاریان پیٚ دەکریٚ و ئومێدەوارین کە پەرلەمانی کوردستان دەستەلاتەکانی خۆی بەکاربهێنیٚ بۆ گۆڕینیان، هەر ئەمەش سەرچاوەی ئەو بیٚ عەدالەتیەیە کە دووچاری کەمالی سەید قادر بووەو ، ئەو (واتە سەرۆکی حکومەت ) لەگەل ئەوەشدا کە ڕیزی زۆری سەروەری وسەربەخۆیی دادگا دەگریٚ و ........ بەلام هەوڵی جدییانەی خۆی دەدات کە چارەسەرێك بدۆزیتەوە دادگا پیٚ ی ڕازی بێت و بە شێوەیەکی یاسایای کەمالی سەید قادر عەفوو بکات. ئەمڕۆسەچاوەیەکی نزیك لە سەرۆکایەتی حکومەت پێی ڕاگەیاندم کە هەوڵەکەی بەڕێزیان بە ئاکام گەیشتووەو لەم نزیکانە ناوبراو لەسزاکانی عەفوو دەکریٚ و لە زیندانیش ئازاد دەکریٚ ).

با جاریٚ لیرە ڕووی پرسیارو سەرنجەکانمان لە بەریز ئاز حسیب قەرەداغی یەوە ڕاگرین و ئاراستەکەمان ڕوو بە قسەو باسەکانی سەرۆکی هەرێم بیٚ . بەدەر لەوەی کە ئەم قسانە لە کۆیٚ دەکریٚ و لەسەر زمانی کیٚ دەگێریتەوە بەلام دان پیانێکی لەم چەشنە بە بەعسی بوونی یاساکان وجیٚ بەجیٚ کردنیان لە لایەن دادەوە بە ئەندازەیەك شکستیکی مێژووی تالٚ وسەرمەست کەرە، کە سەرۆکی حکومەت لە یادی دەچیٚ، ئاخر خۆ خۆی سەرۆکی ئەو حکومەتەیە کە 14 ساڵە درێخی نەکردوە لە پیادەکردنی یاساکانی بەعس کە سەروخواری ئورگان ودەستەلات و وەزارەت یاساکانی ئەم حکومەتە نایابەی تەنیوەتەوە . ئیتر ئاخۆ دەبیٚ نووکی ڕەخنەی ئاڕاستەی کیٚ بکات و لە چی تووڕەو نیگەران بیٚ ؟ ! نا بوورە " ئەزبەنی" بەڕێزتان نە پیاوێکی توڕەن و نە نەخۆشی لە بیرچوونەوەتان هەیە . بەڵکو پاش 14 سال لە دەستەلاتداریەتی بزوتنەوەیەکی بەڕادەیەك پان و بەرین و کاریگەر دژ بە یاساکانی بەعس و ئەو لایەنانە هاتووەتە مەیدان کە ئێوە ناچار دەکات بەوەی کە بڵێن پاش گۆرە بەگۆڕ بوونی سەدام حسین وحزب و حکومەتەکە فاشیستەکەی هێشتا لە حکومەتە بندەستەکەی بەریزتانا کەسانی ناڕازی بە هەمان یاسا سزا بدەن ، ئەوش بڵێن کە سزای 30 سال قولانجیك لە یاساکانی بەعسیش ئەو لاترە ، چۆنکە لە یاساکانی بەعسیشدا توونترین جۆری سزا بۆ کەسانیك کە " تەشهیر " دەکەن 20 تا 25 سال لەبەرچاوگیراوە . بەلام ئەم جارەیان دەستەلاو دادو حکومەتەکەی بەڕێزتان ڕیکۆرتی شکاندو ژمارەیەکی تری تۆمار کرد . بەهەرحال جێگەی خۆشحالی یە ئەگەر پاش ئەو تەمەنە لە دەستەلات و بڕیاری لەو جۆرە لە سزا بەڕیزتان وەك سەرۆکی حکومەت بە گۆڕینی یاساکانی بەعس قانع بووبن و دان بەنا ئینسانی بوونی ئەوجۆرە سزایانەدا بنین . بەلام جێگەی خۆیەتی لە بیرمان بیٚ کە بزوتنەوەی داکۆکی کردن لە ئازادی بیروڕا دەربرین تەنها بۆ هەڵسپاردنی سزایەك کە بە سەر دکتۆر کەمال دراوە لە پشت " یاساکانی بەعسەوە " نەهاتووەتە مەیدانەوە ، بەڵکو شیعاری ئەم بزوتنەوەیە کە ئازادی بیٚ قەیدو شەرتە ، ئیتر هیچ پردی گەڕانەوەیەك بۆ دواوە ناهێڵیتەوەو چاوی لە ئایندەیەك بڕیوە لە خەلکی کوردستان بە کردوە لە ماف و ئازادیەکانی خۆیان بەهرمەند دەبن . ئازادی بیروڕادەربرین کە تەنها هەڵقەیەکی زنجیرەی ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستانە ناکرێت و ناتوانیٚ بێتە دی بەبیٚ دەستەبەرکردنی هەموو هەلقە گریدراوەکانی تری بازنەی ئەو ماف و ئازادیانە . واتە خەلکی کوردستان تەنها لەکاتێکدا دەتوانن چاو لەو بارتەقای نا عەدالەتی و ستەم و چەوسانەوەی سنووری

دەستەلاتداریەتی ئێوە بپۆشن کە بە دانپانی خۆتان 14 سالە یاساکانی بەعس جێ بەجی دەکات ، کە خەلکی کوردستان ببینێ چۆن بە ڕاشکاوانەو بە شێوەیەکی ڕەسمی سەرکۆنەی دەستەلاتی ئەم حزب و حکومەتە دەکەن لە پەیوەند بە دریژەپیدان بە تەمەنی ئەو یاسانەی کە خاوەنە ئەسلی یەکانیان دەمیك سالە لەم دەڤەرەدا ڕامالراون و زەمانیکیشە دەستەلاتەکەیان بە گۆڕ سپێردراوە . بۆیە ئەوەی کە دەتوانیت لەم جالەدا خەلکی ئازادیخوازی کوردستان و بەتایبەت ئەم بەرە فراوانەی ئەمرۆ رازی بکات ، تەنها لەگۆڕ نانی یاساکانی بەعس نی یە بەلکو بەڕسمی یەت ناسینی هەموو ئەو یاسا مەدەنی و شارستانیانەشە کە دەتوانێ دەستەبەری هەموو ئازادی یە سیاسی یەکان بکات . لەوانە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی ودەربرینی بیروبڕا، ئازاد بەیان ، ئازاد کۆبوونەوە، ئازاد چاپەمەنی، ئازاد خۆپیشاندان، ئازاد مانگرتن، ئازاد پیکیهانانی حیزب و ریکخراو. ئازادی بێ قەیدوشەرتی رەخنەو رخنەگرتن. ئازادی رەخنەگرتن لە هەموو لایەنە سیاسی یەکان، ئازاد رەخنە گرتن لە کەلتوور، ئەخلاقیات ، لە ئایدۆلۆژی یەکانی کۆمەلگا .

دلنیابن بزوتنەوەیەك کە ئەمڕۆ هاتووتە مەیدان وەك خۆتان دانتان پێدانا بۆ گۆڕینی یاساو دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان هاتووتە مەیدان . ئەوەش بلین کە هێشتا سەرەتای کارەو پێشرەویەکانی تری ئایندە دەروازە بە ڕووی ئەو گۆرانکاریانەی تریشدا دەکاتەوە کە شایستەی ژیانی خەلکی ئازادیخواو شارستانی کوردستانە .

جا ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان و حزب ولایەنە دەستەلاتدارەنی ئەم کۆمەلگایە دەیانەوەی هەنگاوی بە کردەوە بنین بۆ ئەو گۆرانکاریانە ، ئەوا خەلکی کوردستان نەك هەر پێشوازی دەکا لەو هەنگاوانە ، بەڵکو وا دەبینین کە دەروازە لە ڕووی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا کراوەتەوەو ئیتر بۆیە هەر حزب و لایەنیك کە پابەندبێت بە ژیان و ماف و ئازادی و چارەنووسی ئەوانەوە ، ئەوا بە بەشیك لە خۆیانی دەزانن وە ئاراستەکانی دژایەتی کردن و رووبەڕووبوونەوە بەرەو سنگی ئەو لایەنانە ناکرێتەوە کە لەگەل لیدانی دلی جەماوەری ستەمدیدەدا لێ دەدات بۆیە شەڕی بەدەستهینانی مافە سەرەتای یەکانی خەلکی کوردستان دەگوڕیت بۆ ئاقاریك کە تاکەنی تیدا هەست بە ڕێزو بەهاو حورمەتی ئینسانی خۆیان بکەن و ئازادی و بەرابەری ئینسان دەبێتە پێوانەی دیاری کردنی ماف و ئەرکەکانی جەماوەرو بەختەوەری لەوێدا گولی خۆی لە بەرۆکی هەموومان دەدات .

لە پەراویزی بزوتنەوەی داکۆکی کردن لە ئازادی بیرواوە تا رۆلی ڕۆشنبیرانی پاشکۆ.

با لە شەکواو گێرانەوەکەی بەڕێز ئاز حسیب قەرەداغی یەوە دەست پێ بکەین و بپرسین پاش ئەو دانپیانانەی سەرۆکی ئەو حکومەتەی کە بەرێزاتان چەند رۆژ لەمەوپیش لە خزمەتیدا گوێبستی قسەکانی بوون کە باس لەو ناعەدالەیەتی یە دەکات کە "بووەتە هۆی 30 سال سزادانی دکتۆر کەمال"، بیستان کە گووتی هەموومان بە دادگاشەوە گیرۆدەی دەستی یاسا تەعەسوفیەکانی بەعسین کە تاکو ئێستە کاریان پێ دەکرێ ....) کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە کە بەڕاستی ئێوەمان هێشتا پێتان وایە کە ئەوە دکتۆر کەمالە پیویستی بە عەفووکردن و پاڕانەوەو بەخشین هەیە ، یان هەموو ئەو کەس و لایەن و " رۆشنبیران"ەن کە دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە دوای لیبوردن بکەن لە دکتۆر کەمال و هەموو بەرەی ئازادیخوازان ؟ پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی دەبوو لە نێوان " خراپ نووسین و تەشهیرە" کانی دکتۆر کەمال و پیادەکردنی یاساکانی بەعس دا کامیانتان هەڵبژاردایە ؟ ئەگەر وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە بۆبەڕیزتان زۆر سەختە، ئەوا ڕوو دەکەینە زۆرێك لەو ڕۆشبیرانەی کە لەپال گلەی شەرمنۆکانەیان لە دەستەلات دا دەچوونە سەنگەری دژایەتی کردنی بزوتنەوەی ئازادی بیروادەبرین وئەوبەرە بەرفراوانەی کەوا دەبێتە دینەمۆی گۆڕینی یاساکانی بەعس لە کوردستان و دەلین دلنیابن دەستکەوتێکی تری ئەم بزوتنەوەیە دەروازە بەڕووی ئەو جۆرە لە ڕۆشنبیران و نووسەران دا کردەوە کەئەم جارەیان بە شێوەیەکی گردوکۆتر بەیانامەیەکی هاوبەش بنووسن و داوای لیبوردن لە خەلکی کوردستان وبە تایبەت بەرەی ئازادیخوازان بکەن بۆ هەلویستی ئەو رۆژگارانەیان کە خەمی قەلەمەکانیان تەنها پاساو هینانەوەو داکۆکی کردن بوو لە مقدەساتی حزب ودەستەلات . گرفتەکەی ئێوە لەوەدابوو کە بە ئەقڵتانا نەدەچوو، بزوتنەوەیەك لە خوارەوە ببینن کەلەحالی شکلگیریدایەو بووتە بلندگوی نارەزایەتی دەربرینی جەماوەرو کەدەتوانێ ببیتە داینەمۆی گۆرانکاری زۆر گەورەو مەرج نی یە لە کێشمەکێشەکانی نیوان دەستەلات و جەماوەردا هەمیشە یەکەمیان بیباتەوە، جا با سەرمایەو دەستەلات و زیندان و سزاو چاو سوورکردنەوەش هەبێ، ئاخر لە کاتیکدا کە کۆمەلگا بەو شێوەیە پۆلاریزە دەبیتەوەو قشڵی نێوان بەرژەوەندیە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری یەکانی نیوان دەستەلات وجەماوەر بەو پلەی ئەمڕۆ دەگا، ئیتر جامی ( سەبری ئەیوب ) دەڕژێت و شەقام دەبێتە مەیدانی دیاری کردنی چارەنووسی کێشمەکێشەکان . کەواتە ئەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەست لەسەر سنگ و گەردن ئەگەر دەتانەوێ لەوە زیاتر پەراویز نەبنەوە یەك دوای لێبوردن بەخەلکی کوردستان قەرزارن سەرتان بەرزکەنەوەو دەنگ هەڵبڕن .

2006 / 1 / 19